# فرۆنتپەیج بە کوردی

| 2004-07-28 | پەڕگەکانی CSS. | نووسەر : ئاسۆ نادری |
|---|---|---|

هەندێک جار پێویستت بەوە دەبێت کە هەموو پەڕەکانی ماڵپەڕەکەت بەیەک جۆرەپیت و یەک جۆر ڕەنگ بۆ پیتەکان و لینکەکان دروستکرابێت. ئەگەر بێتو ئەو هەنگاوانە بە شێوەیەکی کلاسیکی دروستبکەیت، کارێکی درێژخایەن دەبێت. بەڵام لەڕێگەی پەڕگەیەکی CSSـەوە دەتوانی هەموو ئەو تایبەتمەندیانە کۆنترۆڵ بکەیت و گۆڕانکاری پێویست بەسەر پەڕەکاندا بێنی.

CSS لەکوێ دروستدەکرێت و چۆن بەکاردەبرێت؟

بەپرۆگرامی Microsoft Frontpage دروستدەکرێت و لەوێشدا دەستکاری دەکرێت.

لەم وانەیەدا هەوڵ دەدەم بۆ شیکردنەوەی چۆنیەتی دروستکردنی پەڕگەیەکی CSS و دانانی دوو کاریگەری سادە بۆ بەستەر.

فرۆنتپەیج بکەوە، پاشان کرتە بکە سەر پەڕەی سپی (ئیکۆنی پەڕەیەکی نوێ)،




Page هەڵبژێرە، لە پەنجەرەی داهاتوودا کرتە بکە سەر Style Sheets، و Normal Style Sheet هەڵبژێرە،




ئێستا دەبێ پەڕەیەکی سپیت بۆ کرابێتەوە، لەنێو ئامرازەکانی بەشی سەرووی پرۆگرامەکەدا، کرتە بکە سەر دووگمەی
Style




ئەم پەنجەرەیەت بۆ دەکرێتەوە




لەپێش هەموو شتێکدا HTML tags هەڵبژێرە.

1» لەو بەشەدا بەشەکان یاوەکوو کاریگەریە چالاکیەکانی نێو لیستەی HTML tags دەبینی. ئەو خاڵانە بریتین لە ئەو کاریگەریانەی کە لەماڵپەڕدا بەکاردەبرێت بۆنموونە ڕەنگی بەستەرەکان و ڕەنگی پاشبنەمای ماڵپەڕ و هتد ...

من لەوێدا a:hover م هەڵبژاردووە (بریتیە لە ئەو ڕەنگەی کە لینکێک هەیەتی کاتێک کە جێنیشاندەری مشکی کۆمپیوتەر دەبرێتە سەری وەک ڕەنگی سووری ئەم نووسینە) و دەمەوێ دەستکاری بکەم بەشێوەیەک کە بۆ ماڵپەڕەکەم چاکبێت و بگونجێت، بۆیە کرتە دەکەمە سەر Modify.


Modify Style
Name (selector):
a: hover
Style type:
Paragraph
Preview
Description
Format
OK
Cancel
Font...
Paragraph...
Border...
Numbering...
Position...

پاشان Font,




وەک لەوێنەی سەرەوە دەبینین کە پەنجەرەیەکی تایبەت بە ڕێکخستنەکانی جۆرەپیت (Font) کراوەتەوە.

3» جۆری پیت. لێرە باشتر وایە کە Unikurd web وەک ستاندارد هەڵبژێری گەر ماڵپەڕەکەت بە فۆنتی یۆنیکۆد دەنووسی و کوردی سۆرانیە.

4» شێوە قەبارەی جۆرەپیت.

5» ڕەنگ.

6» چەند کارگەرییەک.

7» پێشبینین

پاشان هەموو پەنجەرەکان OK بکە.

بەو شێوە کاریگەریەکت دروستکرد بۆ ئەوەی کە ڕەنگی لینکەکەت بگۆڕێ بەسوور کاتێک کەسێ دەستنیشانی دەکات.

ئەوە نموونەیەک بوو بۆ چۆنیەتی دەستکاریکردنی ئەو تایبەتمەندیانەو ڕێکخستنیان بەو شێوەیەی کە دەتەوێ. خۆت دەتوانی تایبەتمەندیەکانی دیکە وەک a:hover دەستکاری بکەیت.

کاتی ئەوەیە کە پەڕگەکە پاشەکەوت بکەیت بە فۆرماتی css، لە لیستەی File دا کرتە بکەسەر Save As و پاشان

وەک وێنەی خوارەوە ڕێکی بخە.




بەو شێوە پەڕگەکەمان دروستکرد.

بۆ دانانی لەسەر پەرەکانی ماڵپەڕەکەت، ئەو پەڕەیە بکەوە کە دەتەوێ بەو شێوەیەی css کار بکات، لەلیستەی Format دا Style Sheet Links کرتە بکە،




پەنجەرەیەکت بۆ دەکرێتەوە، کرتە بکە سەر Add و ئەو پەرگەیەکی Style هەڵبژێرە کە دروستت کرد.

ئەو کاتە دەبینی کە لینکەکانی نێو ماڵپەڕەکەت ڕەنگیان دەگۆڕێت بۆ سوور کاتێ دەستنیشانیان بکەیت.

نموونەی ئەم وانەیە.

کۆتایی.

چاپکردن

http://fp.all4kurds.net فرۆنتپەیج بە کوردی